# چۆپی:

# _ چەند جارێک گوێ لە گۆرانییەکانی خۆم دەگرم ئینجا تۆماریان دەکەم

# _ ژیانی هاوسەریم هیچ کاریگەرییەکی لەسەر هونەرەکەم نابێت

*خانمە هونەرمەند چۆپی بەر لە چەند رۆژێک گەڕایەوە کوردستان بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری لە شارەکانی هەولێر و دهۆک لەوانەش تۆمارکردنی دوو گۆرانی بەشێوەی ڤیدیۆکلیپ و تۆمارکردنی دوو سروودی دیکە بۆکۆمپانیاکانی چوارچرا و ئۆسکار، بۆ پتر ئاشنابوون بە مەبەستی سەردانەکەی و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەست بە دوایین بەرهەمی خۆی و کارەکانی داهاتووی بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.*

*** مەبەست لەم سەردانە چییە؟**

– من لەسەر ئەرکی خۆم هاتوومەتەوە کوردستان و بانگهێشت نەکراوین، مەبەستم لەم سەردانە تۆمارکردنی دوو کلیپە بەرهەمە نوێیەکەمە بۆ هەردوو کۆمپانیای چوارچرا و ئۆسکار ئەوانیش هەردوو گۆرانی (بم بەخشە) کە لە تێکست و ئاوازی زیاد ئەسعەد و (هێدی هێدی) کە لە تێکستی کەریم بەدەل و ئاوازی (ئیدریس بالەتایی)یە.

*** بەرهەمی یەکەم و دووەمت چ جیاوازییەکیان هەبوو؟**

– سیدی دووەمم زۆر هیلاک و ماندووی کردم ژمارەی تراکەکانی زیاتر بوو، لەبەر سیدی یەکەم تاڕادەیەک شارەزاییم پەیدا کردبوو، هەروەها دۆیتۆیەکی تێدابوو لەگەڵ هونەرمەند کاروان کامل.

*** نیازی ئەوەت نییە دۆیتۆی دیکە بڵێی؟**

– من حەز دەکەم دۆیتۆ لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی دیکە بڵێم، بەڵام هەرچەندە تا ئێستا هیچ پلانێکم دانەناوە، بەڵام بە تەئکید دۆیتۆی دیکە دەڵێم، چونکە لەگەڵ کاروان کامل سەرکەوتووم بوو ئەمەش زیاتر هانیدام کە بیر لە دووبارەکردنەوەی بکەمەوە.

*** بۆچی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی دووەمت دواکەوت؟**

– تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەم تەنیا لەسەر گۆرانیبێژ نەوەستاوە، چونکە ئەگەر دەنگیشت خستە سەری دەبینی چاپ کردن و دیزاینی ماوە، کاری هونەری کارێکی بە کۆمەڵە بۆیە هەندێک دوادەکەویت،هەروەها سەرقاڵی هەر یەکێک لە ئێمە بەکاری خۆی و دووریمان لە یەکتریش هۆکارێکی دیکەی دواکەوتنی بوون، نەبوونی کۆمپانیایەک بۆ بڵاوکردنەوەی ئەمەش هۆکارێکی دیکە بوو، من ئەم سیدییەم لەسەر ئەرکی خۆم بڵاوکردەوە.

*** ژیانی هاوسەریت چ کاریگەرییەکی دەبێت بەسەر هونەرەکەتەوە؟**

– هیچ کاریگەرییەکی نییە ئەگەریش هەبووبێت ئەوا بەشێوەیەکی ئیجابی بووە ، چونکە هاوسەرەکەم زۆر هانم دەدات و هاوکاریم دەکات بۆ بەردەوام بوونم لەسەر کاری هونەری.

*** بەڵام تۆ خوێندنیشت ماوە، چۆن هاوسەنگییەک لە نێوانیان دروست دەکەی؟**

– ئەگەر رێکخستنێکی



تەواو لە نێوان کارەکان هەبێت ئەوا بەشێوەیەکی ئیجابی دەشکێتەوە، بۆیە پێویستە پلانێک هەبێت بۆ راگرتنی هاوسەنگییەک لە نێوان کاری هونەری و خوێندن و ئەرکەکانی ماڵەوە، هەروەها پێویستە کاتێکیش دیاری بکەی بۆ حەسانەوەی خۆت.

*** بۆ هیچ گۆرانی هونەرمەندە نەمرەکانت لە بەرهەمە نوێیەکەدا نەبوو؟**

– بەرهەمە نوێیەکەم چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری تێدابوو کە کرمانجی بوون ،من لە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکاندا زۆر حەز دەکەم گۆرانی هونەرمەندە نەمرەکان بڵێمەوە، بەڵام لە سیدی و بەرهەمی نوێدا حەز دەکەم تەنیا گۆرانییەکانی خۆمی تێدا بێت، چونکە بەرهەمی تایبەتە بە هونەرمەند خۆی ئەو دووبارەکردنەوە بەلای من تارادەیەک قورسە و، وەک گوتم من لە ئاهەنگەکاندا گۆرانی هونەرمەندان و تەنانەت حەیرانیش دەڵێم.

*** چۆن حەیرانت گوت و کێ زیاتر هانیدای بۆ حەیران گوتن؟**

– کەسانێک هەن پێیان وایە کەوا باشترە من حەیران نەڵێم، بەڵام من پێم شتێکی زۆر جوانە کە ئافرەتیش حەیران بڵێت و زۆریش حەز دەکەم حەیران بڵێم، چونکە رایەک هەیە کە سەرەتا ئافرەت حەیرانی گوتووە ، من خۆم سەرەتا چەند پرۆڤەیەکم کرد لەسەر حەیران گوتن، بەڵام مامۆستا وریا ئەحمەد زۆر هانیدام بۆ حەیران گوتن و هەوڵێکی زۆری لەگەڵم دا بۆ حەیران گوتن، جارێکیان لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی لە کاتی پرۆڤەکردندا گوێی لێ بوو کە حەیران دەڵێم، حەیرانەکەی زۆر بە دڵ بوو ئیدی هانیدام بۆ ئەوەی حەیرانی دیکە بڵێم و پرۆڤەی زیاتری لەسەر بکەم، حەیران گوتن کارێکی زۆر ئاسان نییە ، چونکە جاری وا هەیە وشەکان زۆر بە خێرایی بە دوای یەکەوە دێن و دەبێ زۆریش ئاگاداری ئەوە بیت کە لە کوێ تۆنەکە بەرز و نزم دەبێتەوە ئەمەش پرۆڤە و ماندووبوونێکی زیاتری دەوێ.

*** تا چەند سوودت لە ئاهەنگەکانی ئەم دواییە وەرگرت کە لە چەند شوێنێک سازت کردوون؟**

– هەر کاتێک گۆرانی بڵێی و بزانی چی دەڵێی ئەمە پرۆڤەیەکە، چونکە جاری وا هەیە لە ئاهەنگێکدا دوو کاتژمێر بەبێ وەستان گۆرانی دەڵێی ئەمەش پرۆڤەیەکی زۆر باش و سوودمەندە، بەڵام بە مەرجێک تۆنی دەنگەکەی هی خۆت بێت و دەنگت هیلاک نەکەیت.

*** لەو ئاهەنگانە چیت بۆ دەرکەوتووە؟**

– زۆر جار لە ئاهەنگەکان شتی وا دەبینم کە دڵم زۆر پێی خۆش دەبێت و خۆشەویستیم بۆ جەماوەرەکەم زیاتر دەبێت کاتێک دەستخۆشی و پیرۆزباییم لێدەکەن ئەمەش لە گەورەیی خۆیانە، من پێم وایە رێزگرتن لە جەماوەر کارێکی زۆر پێویستە، چونکە هونەر بە جەماوەرەوە جوانە و گەورەترین سەرمایەی هونەرمەند جەماوەرەکەیەتی.

*** بیرۆکەی گۆرانی کەرکوک چۆن لات دروست بوو؟**

– تێکستەکە هی باوکم بوو کە زۆر خۆش و کاریگەر بوو بەلامەوە، چونکە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە باوکم باسی کوردستان و کەرکوکی بۆ دەکردین، کاک بورهان موفتی زادەش ئاوازێکی زۆر جوانی بۆ دانا بۆیە من حەزم کرد بیڵێم دواتر بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپیش بڵاوکرایەوە.

*** چۆن وەسفی هونەر دەکەی؟**

– هونەر بۆ من کارێکی زۆر پیرۆزە، بە جەماوەرەوە جوانە، هونەر تەنیا گۆرانی گوتن نییە بۆ خۆت، هەرچەندە ئەگەر هونەرمەند گۆرانییەکی بە دڵ نەبێت ناتوانێ بیڵێی بۆ خەڵک، هونەر لای من بریتییە لە تێکەڵ بوون لەگەڵ شاعیر و ئاوازدانەر و خەڵکیش و هونەر پردێکە لە نێوان من و جەماوەر.

*** گۆرانییەکانی خۆت دەڵێییەوە؟**



– بەڵێ بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمێکی نوێ زۆر گوێ لە گۆرانییەکانی خۆم دەگرم و دەیڵێمەوە بۆ ئەوەی کەموکورییەکان دەست نیشان بکەم و، زۆریش رەخنە لە کارەکانی خۆم و پێداچوونەوەیان دەکەم بۆ ئەوەی بتوانم کاری پێشکەوتووتر و جوانتر پێشکەش بکەم، من دەمەوێ کارەکانم سەد دەر سەد باش بن بۆیە چەندین جار گوێیان لێدەگرم و تۆماریان دەکەمەوە تەنانەت لە کاتی وێنەگرتنی کۆنسێرت و ئاهەنگەکانیش زۆر سەیری گۆرانی گوتن و جووڵەکانم دەکەمەوە بۆ ئەوەی کاری دواترم باشتر بێت.

*** ئەی گۆرانی کەسی دیکە دەڵێییەوە؟**

– من گۆرانی زۆر لە هونەرمەندەکان بۆ خۆم دەڵێمەوە، بەڵام بەم دواییە زۆر گۆرانی (حەیفە)ی هونەرمەند ئەیاد حوسێن دەڵێمەوە؟

*** چی نوێت لەبەردەستدایە؟**

– بە نیازم لە کۆتایی ئەم مانگە چەند کۆنسێرتێک لە چەند وڵاتێک ساز بکەم لەوانەش ٢٠٠٧/٥/٢٦ لە شاری کارلستەری سویدی و ٢٠٠٧/٦/٢ لە شاری مالمۆ ئەویش لە سوید، ٢٠٠٧/٦/١٥ لە وڵاتی ئۆکرانیا کۆنسێرتێک ساز دەکەم، هەروەها بڕیار وایە لە وڵاتی ئوردنیش کۆنسێرتێک ئەنجام بدەم، بەڵام تا ئێستا کاتەکەی دیاری نەکراوە.